لە بڵاوکراوەکانی
خوێندنی کوردی بەرلین
زنجیرەی ژمارە ٣

فەریاد فازیل عومەر

# ئەدەبی کوردی

١٩٨٦

ـەرلین

٤٢٠٤
٨٠٠

پێشکەشە

بە خۆشەویست و هاوسەری ئێستا و قوتابی ئەوسام ڕووناک عەباس .

ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم کارە لە کاتی خۆی دا و بە بۆنەی تێپەڕبوونی دە ساڵ بە سەر ئامادەکردنی دا بۆ زانستگای سلێمانی ، ئێستاش ڕووناکی نە ئەدی .

## کورتەی نەخشەی گشتی مێژووی ئەدەبی کوردی و پلەکانی .

لاپەڕەگەشەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی تا ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین ، ئەوەی بۆ ڕوون کردوینەتەوە ، کە سامانێکی گرنگی ئەدەبیمان لە سەردەمە جۆربەجۆرەکانی ژیانی پێشینەوە بۆ ماوەتەوە . ئەدیبانی کورد درێغیان نەکردووە و هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە ، کە ئەدەبەکەیان بە شێوەیەکی ڕەنگین و ڕازاوە لە مەیدانی ئەدەبیاتدا دەور ببینێ . گەلێ جاریش وەنەبێ هاتبن کوتومت لاسایی ئەدەبیاتی نەتەوەهاوسێکانیان کردبێتەوە ،بەڵکە هەوڵی ئەوەیان داوە ، کە بەرهەمەکانیان وەک ئەدەبێکی سەربەخۆی نەتەوەیەک پەل بهاوێژێ و چێژی تایبەتی خۆی هەبێ ، وەک لە بەشی یەکەمی کتێبەکەماندا باسمان کرد . وتمان سامانی ئەدەبیاتی دێرینمان تا ئێستا وردوورد لێدوانی دەربارە دەکرێ . بەڵام ئەم لێدوانە نابێ وامان لێ بکا لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیماندا دوا بکەوین . جا بۆیە لێرەدا بە ئاشکرا دەڵێم : نەتەوەی کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی خاوەن زمان و خاوەن هەست و دڵو دەروون مادەم ژیاوە و بەردەوامییەکیشی لەو ژیانەدا هەبووە ، ئاشکرا دەبێ بیر و ئەندێشەی لە ڕێگای ئەدەبەوە دەربڕیبێ . بەڵام بەرهەمە ئەدەبییەکانیان ئێستا بە شێوەی نووسراو کەمن . ئەم کەمییەش پەیوەندی بە ژیان و جموجۆڵیانەوە هەبووە . خۆ لەگەڵ

ئەم بەرهەم کەمیەش دا دەبینین ئەدەبیاتی فۆلکلۆری سامانێکی گرنگی لەو ڕووەوە بۆ جێ هێشتوین . جا لەم باسە دا ئێمە زیاتر دەربارەی ئەدەبی نووسراوی کوردی و پلەکانی و هەوڵ وتەقەلای پێشکەوتنی دەدوێین . بۆ ئەوەی بتوانین کورتەیەکی ئەدەبیاتمان بخەینە بەرچاوی قوتابی و شارەزاییەکی دەربارە پەیدا بکات .

بەرلەوەی بچینە ناوەخنی باسەکەوە ، پێویستە ئەوە بلێین ، کە ئەدەبیاتی کوردی تۆمارکراومان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە ، کە کوردی تیادا ئیسلام بووەوە و وەکوو نەتەوەکانی تری ڕۆژهەلات یەک ئالا کۆی کردونەتەوە ، کە ئەو ئالایەش ئالای ئیسلامەتی بووەوە . ئەم هۆیە دەورێکی گرنگی لە دەروونی ئەدیبانی پێشینی کورد دا بینیوە و وەک ئیسلامێکی ڕاستەقینە ویستویانە ئەدەبەکەیان بە زۆری بکەنە کەرەستەی ڕۆشن کردنەوەی حەقپەرستی و خۆشەویستی دەرختنیان بەرامبەری . بۆیە دەبینین کۆنترین بەرهەمی نووسراومان ئەگەر بابە تایەری هەمەدانی بێ، ئەوا ئەدەبەکەی ئەدەبێکی حەقپەرستی یەو بیر و باوەڕێکی ئیسلامی پتەوی تێدا دەدرەوشێتەوە .

ئەم بیروباوەڕە وای لە بابە تایەر کردووە ، کە ئەدەبەکەی بۆ گەیاندنی مەبەستی دڵودەروونی تەرخان بکا . ویستوویەتی،هۆنراوەکانی بکاتە کەرەستەی ئەو هەست دەربڕینە . بۆیە ئەم پلەیەی ئەدەبیاتمان ، کە نوێنەرەکەی بابەیە ناسراوە بەوەی ، کە هۆنراوەکانی کورتن و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە کاری ڕۆشنبیرێتی عەرەبی و فارسیان پێوە دیارە ، زمان زمانی حالی خەلکی ئەو سەردەمەیە ، داڕشتنیش ، داڕشتنێکی نزیک و ئاشنا بە

دڵ و دەروونە (١) . ئەگەر بابە شاعیری سەدەی دەیەم و یازدەیەمی زایینی بێ و لە ناوچەی لوڕستان دا ئەم بە رهەمانەی بۆ تۆمار کردبین . ئەوا لە ناوچەی کوردیی ژووروووش دا ئەدەب فەرامۆش نەکراوە و لە سەدەی چواردە و پازدەیەمی زایینی یەوە تا سەدەی حەڤدەیەمی زایینی، کە ئەحمەدی خانی تێدا ژیاوە ، ئەدەبێکی مەزن لەو ناوچەیە دا لەلایەن فەقێی تەیران و مەلای جزیری و عەلی حەریرییەوە تۆمار کراوە . ئەوەی ڕاستی بێ بەرهەمە ئەدەبییەکەی ئەمانیش هەروەک بەرهەمەکەی بابە لە چوارچێوەی ئیسلام و بیروباوەڕە پیرۆزەکەی دا سووڕاوەتەوە . بەڵام ئەمان بەهۆی نزیکی و تێکەڵاوییەکی یەکجار زۆریانەوە لەگەڵ ئەدەبیاتی عەرەبی دا ویستوویانە لە هونەری هۆنراوە دا شوێنێکی تایبەتی داگیر بکەن و وەک ئەدەبێکی گەورە بەرهەمەکانیان بنوێنن . نموونەی ئەم مەبەستەش مەلای جزیرییە : مەلا لەگەڵ ئیسلامێتییەکەی دا ویستوویەتی ، وەک شاعیرێکی گەورەی ئەو سەردەمە خۆی بنوێنێ . بۆیە دەبینین : هاتووە لە هۆنراوەکانی دا پەیڕەوییەکی تەواوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە وبە شێوەیەکی هونەریانەی ڕەنگین و بەڕەوانبێژێتییەکی بەربلاوەوە یاری بە وشەو بەکارهێنانی کردووە . تەنانەت ویستویەتی، کە سەروای هەموو تیپەکانی ئەلفابێی عەرەبیشی هەبێ . ئەم کارە لە ڕاستی دا وای لە هەندێ بەرهەمی مەلا کردووە لەگەڵ چێژ دا نەگونجێن . چونکە هەندێ تیپ کە لە زمانی عەرەبی دا هەن لە کوردی دانیمانن . بەڵام مەلا لەسەردەمی خۆیدا ڕاستەوخۆ

ئەدەبێکی لاسایی کەرەوەی ئەدەبیاتی کۆنی عەرەبی هێنا وە تەکایەوە. وەک شاعیرێکیش لە دەربڕینی مەبەستەکانی دا سەرکەوتوو بووە . ئەحمەدی خانیش کە لە سەدەی حەڤدەیەم دا ژیاوە و نوێنەری ئەدەبیاتی ئەو ناوچەیە ، شاعیرێکی بلیمەت و ئەدیبێکی هەست بە ئازاری خەڵکی کەر بووە و لەگەڵ ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمە و بیر کردنەوەیان دا بیری کردۆتەوە و ئەدەبەکەی تەرخان کردووە بۆ گەیاندن و دەربڕینی ئەو هەستە . لەو سەردەمە دا ئەدەبەکەی دەتوانین بڵێین نەک تەنیا دەوری وشیار کردنەوە ، بەڵکە دەوری بزواندن و ئازارخستنە ڕوو تەنانەت هەندێ جار چارەسەرکردنیشی بینیوە ، کە بەم ئەدەبە دەروازەیەکی نوێی لە ئەدەبیاتی کوردی دا خستۆتە سەر گازی پشت . دەروازەکەش بیر لە نەتەوە و نیشتمان کردنەوە و خۆشەویستی بەرامبەریان دەربڕین بووە . لەم سەردەمە دا ، کە ئەدەبیاتی کوردی لە ناوچەی کوردیژووروو دا لە برەو دا بووە ، لە ناوچەی کوردیخواروو بە تایبەتی بەشی هەورامانیشی دا ئەدەبیات شوێنێکی تایبەتی و دیاری کراوی هەبووە و گەلێ شاعیری گەورە هەر لە سەردەمی مەلا پەرێشانەوە ، کە شاعیری سەدەی چواردەیەمی زاینی بووە تا سەردەمی مەولەوی کە شاعیری سەدەی نۆزدەیەم بووە ، ئەدەبیاتێکی مەزنیان بۆ بەجێ هێشتوین . ئەدەبیاتی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەکی گشتی ناسراوە بەوەی ، کە بەزمانێکی خۆماڵی تێکەڵ بە ڕۆشنبیریتی ئەو سەردەمەی ڕۆشنبیران و بە وێنەخواستەمەنی یە ڕەنگینەکانی سروشتی ناوچەکە و بە کێشی خۆماڵی بڕگەی کوردی و بە جوتێتی سەروا و بە تام و چێژێکی

کوردانەی پەتی ناسراوە و هەر ئەم بەرهەمە ئەدەبیەش بووە ، کە لە ئەنجام دا بۆتە کەرەستەی ئەو ڕێچکە تازەیەی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا لە ئەدەبی کوردی دا ڕووی داوە . هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دا و لە ناوچەی سلێمانی دا بەهۆی بەربلاویتی و دەسەلاتی میرنشینی بابانەوە ئەدەبێکی نوێ بە شێوەی کوردیی‌ناوەڕاست سەری هەلداوە . نوێنەرانی ئەم ئەدەبیاتەش نالی و سالم و کوردی بوون . ئەوەی ڕاستی باسەکە بۆ لێرە دا ئەوەیە ، کە ئەم شاعیرانە لەگەل ئەوەدا کە بە ڕۆشنبیریتی ئەو سەردەمە قال بووبوون، بەلام ویستویانە ئەمانیش لە مەیدانی ئەدەب دا ئاوڕێک لە شێوەکەیان بدەنەوە و بیکەنە کەرەستەی دەربڕین. هەر بەم ئاوڕدانەوەیەشەوە نەوەستاون ، بەلکە ویستویانە ئەدەبێک بهێننە کایەوە کە لە ڕووی ڕوخسارەوە هیچ لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی نەتەوە هاوسێکان کەمتر نەبێ و تەنانەت شان لە شانیشیان بسوێ . لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە بابەتەکانیان بابەتی سەردەمی ناو نەتەوە هاوسێکان بێ ، کە دلداری و ناوبەناو بیر لە نەتەوە و نەبەردی کردنەوەی بووە . ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە ناسراوە بەوەی ، کە بایەخێکی تەواویان بە یەکێتی سەروا داوە و بابەتە باوەکانیان زیاتر غەزەل و قەسیدە بوون . ویستویانە بە ڕێگایەکی ڕەوانبێژیانەی سەرکەوتوو یاری بە وشە بکەن و دێڕە هۆنراوەکانیانی پێ برازێننەوە . ئەم ئەدەبە تازەیە تا پاش ڕووخانی میرنشینی بابانیش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دا بەردەوام بووە ، بەردەوامیتیەکەشی بەو شێوەیە بووە،

که بۆته ڕێچکەیەکی ئەدەبی و شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لاسایان کردۆتەوە . ئەم لاسایی کردنەوەیە هەرچەندە بەزۆری ڕووخسار و ناوەڕۆکیشی گرتۆتەوە ، بەڵام لەم سەردەمە بەدواوە چەند هەوڵدانێک لە لایەن چەند شاعیرێکەوە بەدی دەکەین ، کە ویسویانە چەند مەبەستێکی نوێ بهێننەکایەوە . بۆ وێنە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ١٨٣٧ – ١٩٠٩ ) که لەو سەردەمەدا تا ڕادەیەک ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی لە ڕووخسارە کۆنەکە دا تەرخان کردووە بۆ بابەتی توانج و تیلە تێ گرتن و سەرزەنشتی کردن و پەنجە خستنە سەر هەندێ مەبەستی ناهەموار و کردەوەی ناشیرینی خەڵکی . ئەمانەش زیاتر ئەو بابەتانە بوون کە لەگەڵ دەروونی شێخ ڕەزا دا ئاشنا بوون . هەر لەم نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمە دا حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٦–١٨٩٧ )

لە کۆیە لەگەڵ هەندێ مەبەستی ڕووخسارە ئەدەبییە کۆنەکە و بایەخ نەدان بە هەندێ مەبەستی تری کە زیاتر پەیوەندی بە کێش و سەرواوە بووە ، هاتە مەیدانی نیشتمانپەروەرییەوە و توانی هەستە پیرۆزەکەی خانی و کورەکەی دەروونی سالمی هاوڕێی بهێنێتەوە جۆش و ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی بۆ بووژاندنەوە و چارەسەر کردنی گەلێ لە ئێش و ئازارەکانی ئەو سەردەمە تەرخان بکا و داوای زانستی زیاد بوون و خۆ چەکدار کردن بەو چەکە پەسەندە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ڕێگا ڕۆشن بکرێتەوە و ئاواتەکانیان بێنە دی . ئەم شاعیرانە و چەندانێکی تریش کە لەبەر بەرتەنگی باسەکە بە درێژی

Faryad Fazil Omar

# Adabî Kurdî

## (Einführung in die Kurdische Literatur)

CIP-Kurztitelaufnahme der Deutschen Bibliothek:

**Omar, Faryad Fazil**

**Adabî Kurdî** (Einführung in die Kurdische Literatur)

Kurdische Studien Berlin, 1986
Verlegt in Kommission bei dem arabischen Buch
ISBN 3-923446-27-6

Kurdische Studien Berlin
Postfach 41 12 49
1000 Berlin 41

Satz: KSB
Druck: Klaus Gläser
© Kurdische Studien Berlin

Faryad Fazil Omar

# Adabî Kurdî

(Einführung in die Kurdische Literatur)

Berlin

1986

ISBN 3-923446-27-6